www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16:09 11-11-2006

# دیمانە لەگەڵ چیمەن ساڵح دەربارەی مافەکانی ژن و بزوتنەوەی ژنان ... ئا: ستیڤان شەمزینانی

ستیڤان:
سیاسی و ئایدۆلۆژییانەوە، بەڵام هەست بەوە دەکرێت ئەم رێکخراوانە زیاتر کۆمیتەیەکی حیزبین بۆ لەقاڵبدانی ژنان لەچوارچێوەی تێفکرینی حیزبدا، بەم حاڵەوە دەتوانین بڵێین لەکوردستان بزوتنەوەی ژنان هەیە کە خاوەنی دیدگایەکی ژنانە و فێمینستانە بێت؟



چیمەن ساڵح:بزووتنەوەی فێمنیستی لە جیهاندا بزووتنەوەیەکی ناسراوەو مەرج و ئاکارەکانی دیارن و چەندان کتێب ونووسراوەو بابەت و رووداوی دنیایی لە سەرە و لە مەرجە هەرەسەرەکییەکانی یەکسانی رەهایە و لەو تەوەرەدا ئامانجەکانی رەنگ رێژ کردووە، من پێموانییە هیچ یەکێک لەرێکخراوەکانی کوردستان ئەو مەرجەیان لە سەر جێبە جێ بوو و بڕواش ناکەم خۆشیان ئەگەر لە سەرەداوەکانی بزووتنەوەی فێمنستی وردبووبەوە بە بوێرییەوە داکۆکی لەوە بکەن کەئەوان ئەو مەرجانەیان گرتووە و کاریان پێکردووە.
جگە لە بنەماو پێکهاتەی رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان کە زیاتر دەستکردی دەستی حزبی سیاسین، کە دوور نیە خەڵکانی بریار بەدەستیان تێدا بێ گاڵتەیان بە یەکسانی رەگەزەکانی نێوان کۆمەڵگا بێ و گەلێکیشیان ژیانی کۆمەڵایەتییان بە یاسا دواکەوتووەکان بەرێوە ببەن و، جگە لەوەی کۆمەڵگای ئێمە بە ژن و پیاوەوە دووچاری دوورووییەکی زۆر بووە و رێگای لە بەرەو پێشەوە چوون گرتووە، لە نێو رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتانیشدا هەروەکو پیاوانی سیاسەتمەدار و بەرپرس جێگەی خۆی گرتووە.
بۆیە حزبە سیاسییەکان رێکخراویان هەیە بە ناوی رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان لە هەمان ئەو بازنەیەشدان کە حزبی تێدایە تەنانەت زۆر جار دەبینین پیاوە چەند ژنەکان هیچ لاریان لەو رێکخراوانە نییە، لە گەڵ ئەوەشدا لە نێو کۆمەڵگای ئێمەدا لە ناو ژنان و پیاوانیشدا بیری یەکسانی پەروەری و ئازادی مرۆڤ هەیە خەباتکاری چاکیشی هەیە بەڵام بێ دەسەڵات و کەمینەن.

ستیڤان:
گومان لەوە نییە چەوساندنەوە و هەڵاواردنی ژنان دیاردەیەکی جیهانییە و تایبەت نییە بە کۆمەڵگەو کولتوورێکی دیاریکراو، بەڵام لەکۆمەڵگەی کورددیا ئەم چەوساندنەوەیە زۆر زەق و دیارەو فۆرمێکی بێڕەحمانەی بەخۆوە گرتووە، ئایا کاری ئەولەوی و هەرە گرنگ چییە بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە چ ئەوەی دەکەوێتە سەر رێکخراوەکانی ژنان چ ئەوەی دەکەوێتە سەر ئەستۆی دەسەڵات؟
چیمەن ساڵح:لە بارەی هەڵاواردنی ژنانەوە، دیارە واقیعی مێژوویی کۆمەڵایەتی هۆکارێکی سەرەکییە لەوە بیرمان نەچێ تا مێژوویێکی نزیکیش بەشێکی زۆرکەمی ژنان لە کۆمەڵگای ئێمەدا توانیویانە بە بێ ئەوەی پشت بە سەرچاوەی دارایی پیاو ببەستن بژین، هەر بۆیەش هەست و نەستی زۆرینەی هەرەزۆری مێینە هەر بەرەو ئەو ئاراستەیە بووە کە مرۆڤی پلە دووە. هەموو عورف و عادەتەکانیش بە پلە دوویان هێشتووەتەوە یاسای ژیانیش بەو جۆرە بەرێوە چووە کە پلەداری بکات پلە نزمەکان دەکەونە ژێر زەبرو زەنگ و هەرەشەوە و بروایان پێ نادرێ کە گرنگ بن لە بەرێوەبردنی ژیاندا و بەو پێیە دەچەوسێنەوە. بە بینینی خۆم کە چارەسەر لە تێروانینی مرۆڤدۆستانەدا دەبینم و پێموانییە بە بێ رۆشنبیری مرۆڤ دۆستی و گێرانەوەی ریزو شکۆ بۆ مرۆڤەکان بە هەردوو رەگەزەوەبەدی دێ،

لەوەشدا گەلێک لایەن هەن کە بەرپرس باستر وایە لە سیستەمی پەروەردەییەوە سەرچاوەی هوشیاری دروست بکرێ و لە رێگای میدیاکان و کۆمەڵگای مەدەنی کۆشش بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی بکرێ و لێرەوە تاکەکان و رۆشنبیران و دەسەڵات لە سەرووی هەموو لایەکەوە دەبێ بە بەرپرس.

ستیڤان:

ژنانی کوردستان لەژێر توندترین چەوساندنەوەی کولتووریدان بە ئەندازەیەک ژمارەگەلێکی زۆریان پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن و خۆسووتاندن، تەنانەت خۆ سوتاندن بۆتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەگەر ئاگر پەیامێکی پێیە ئەو پەیامە چییە؟ ئایا گوزارشت لەدڕندەیی کولتوور دەکات یان لاوازیی و پاسیڤ بوونی کەسێتی ژنی کورد؟

چیمەن سالّح:بەڵێ ژمارەیەکی یەکجار زۆری مێینە لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە ژێر زەبروزەنگ و توندو تیژیدا ن، پەنابردن بۆ ئاگر لە بەر ئەوەیە پەنای تر نییە بۆ ئەوانەی پەنای بۆ دەبەن تەنانەت یەکتریش پەنا نادەن لەم ماوەیەدا دوو کچ لە دەڤەری جۆمان خۆیان سووتاند، هۆکارەکەی ئەوە بوو کە کچێکیان نهێنییەکی زۆر ئاسایی خۆی کە کوڕێکی خۆش دەوێ لای کچەکەی تر باسکردبو وکە دەستە خوشکی بوو، ئەو کچە چوو بوو ئەو رازەی کچەکەی لای دایکی باسکردبوو، دایکی بە گوندەکەیاندا بڵاوی کردبووەو لە ئەنجامدا کچەکە خۆیا سووتاندو ئەوەی کە نهێنییەکەی ئاشکرا کردبوو ئەویش لە تاوی ئەوەی تر خۆیا سووتاندوو بەر لە ویش مرد، لەم هەواڵەدا کە بە دەق راستە سێ مێینە هیچ ستێکی مەترسیدارییان نەکردووەو خۆشیان کردووە بە خەڵووز و خۆشیان پەناگە نەبوون بۆ یەکتر و سەرەتای کێسەیان بۆ خۆیان دروست کردووە، دیارە لێرەدا دوو هۆکار تێکەڵاو دەبێ " بێدەسەڵاتی +دواکەوتوویی" بێدەسەڵاتی کەسەکە کە مێینەیە بەرامبەر "خێزان+کۆمەڵگا "چونکە لە کۆمەڵگای دوواکەوتووی ئێمەدا نەخێزان و نە کۆمەڵگا هاوڕازی تاکەکان نین، بەڵکو لە بەرامبەردان هەر کاتێک کارێکی دروست کرد کە بە پێی پێودانگە مەرج قورسەکان کە مرۆڤ لە مرۆڤایەتی دەبەنە دەرەوە عەیبەی لێکەوتەوە. مێینەش هەموو عەیبەکانی لێ کۆ بووەتەوە.

ئینجا دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی وایکردووە کە پانتایی ژینگە زۆر تەسک وکەم بێ، پەیوەندی کۆمەڵایەتیش بەدیلی نەبێ لە بەر نەبوونی دامو دەزگای مۆدێرن و پێشکەوتوو، من پێموایە هەندێک لەوانە لاوازیشن بۆیە بەو شێوەیە هەر چارەسەر لە گڕی ئاگر دا دەدۆزنەوە، پێشموانییە پەیامێک بێ جگە لە خۆ دەرباز کردن لە ژیانێک کاتێک هەرچوار دەوری مرۆڤێکی لاوازو بێدەسەڵات بوو بە دڕندە. واتە هەردوو هۆکارەکەیە.

ستیڤان:

بەدەر لەوەی کولتوری کوردەواریی ڕووبەرێکی بەرفراوانی تیایە بۆ بی بایەخکردن و چەوساندنەوەی ژن بەڵام یاساکان بەتایبەتی یاسای باری کەسێتی ئەم چەوساندنەوەیە لە فۆرمێکی یاساییدا ڕەوایی پێدەدەن، ئایا گۆڕینی یاساکان چەند کاریگەرە لەراستای دابینکردنی مافەکانی ژن؟ ئاخۆ گۆڕینی یاسا بەبێ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لەگەڵیدا دەبێتە فاکتۆرێک بۆ پاراستنی ژن لەهەرەشەی چەوساندنەوە و دواتریش یەکسانکردنی لەگەڵ پیاودا؟

چیمەن سالّح:ئەگەر بتەوێ کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران دروست بکەیی و یەکسانی و دادپەروەریتێدا بەرقەرار بێ، بێگومنا ئەبێ لە جوار چێوەی یاساکان بەرژەوەندی هەموو تاکەکان چەسپێنرا بێ. بەڵام بەر لە یاساش هوشیاری کۆمەڵگا هەیە، یاسای باری کەسی گەلێک لەو ستانەی حەڵاڵ کردووە کە ژیانی ژنان ناگوزەران دەکات و ئەگەر بە راستەقینە بدوێن و لە ژێر هیچ کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتی و ئاینی و سۆزیدا نەبن هیچ یەکێکیان پێی رازی نین، بەڵام با بشپرسین، رێژەی چەند لە مێینەکانی کۆمەڵگای ئێمە دەزانن کە یاسای باری کەسێتی چی تێدایە؟!!

خوێندەواری و رۆشنبیری و گلوبەلایزەیشن و میدیا بەردەوام، بە پلەیەک کاری کردووەتە سەر ژنان و کچانی هەموو کۆمەڵگاکان و ئایا کاریگەرییان لە ئەوانی ئێمە هەبووە، لە رووی رۆشنکردنەوەی فیکرەوە، ئایا ئەوانەی تا رادەیەک توانیوویانە خۆیان لە کۆت وبە ندەکان دەرباز بکەن چەند هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن بە شێوەیەکی راستگۆیانە بەرامبەر ئەو رێژە بەرزەی کە زۆر نەخوێندەوارو چەوساوەیە. ؟؟؟؟ ئایا رۆتین دەهێڵێ ژنێکی هەژاری نەخوێندەوار بچێتە بەردەم دادگاو بتوانێ بەبێ سەر ئێشەی زیاتر لەو کێشەی کە هەیەتی رزگاری بێ لە کێشەیەک (ئەوە لە کاتی بوونی هەقیشیدا بە پێی یاسا) ؟؟؟؟؟؟؟؟

بێگومان یاساکان پێویستیان بە گۆرینە بەڵام جگە لە یاساکان دەبێ کەسانی زۆر هەبن خەبات بکەن لە پێناوی گۆرینی یاساو بەرزکردنەوەی هوشیاریدا.

ستیڤان:

ئەگەر بەزمانێکی سادەو کەمێک تەقلیدیی ئەو پرسیارە بکەین داخۆ چارەنووسی ژنی کورد بەکوێ دەگات؟ ئایا ئاسۆی بزوتنەوەیەک دەرکەوتووە تا ژنی کورد لەم میحنەتە رزگار بکات یان دەبێت چاوەرێی گلۆبالیزەیشن و کاریگەریی دەرەکی بزوتنەوەی ژنانی دنیا بکات تابتوانی کەمێک لەو خەباتە سوودمەند بێت؟

چیمەن ساڵح:ئەگەر باز لە دەرباز بوون بکرێ دیارە کارێکی ئاسان نییە چ لە مەودای کاتدا و چ لە مەوادی کاردا. ئەگەر ئەو دوو مەودایە زۆر کورت بکرێتەوە ئەوا لە خەونێک دەچێ... بەڵام دیارە هەرچۆنێک بێ دەبێ هەر هەنگاو بەرەو دەرباز بوون بێ.

من پێموایە هەندێکی زۆر لە کێشەی مێینەلە کۆمەڵگاکەمان بە هێز چارەسەر دەبن، ئەو هێزەش لای دەسەڵات و حکومەتە دەبێ بە هەر شێوەیەک بێ پارێزگاری بۆ ئەو ژنانە دانێ کە لە بەر هەرێشین چونکە بە هێزو بە چەک هەرەشەیان لێ دەکرێ هەرەشە کەرەکانیش وا زوو دەست بەرداری چەکەکانیان نابن بۆ یە دەبێ هێزێکی تری دژیان بێ و بەرگری لەو هەموو مرۆڤە بکات کە ژمارەیان زۆر زۆرەو ئەوە دەخوازێ کارێکی وابکرێ.

ئینجا هوشیاری کۆمەڵایەتی هیچ نەمێنێ نەکرێ بۆ گۆرین و بەرزکردنەوەی لە ناوگشتی کۆمەڵگادا بە ژن و پیاووەوە. ئەوەش دەبێ لە هەموو هۆیەکانەوە کاری بۆ بکرێ. لە لایەکی ترەوە دەسەلآت بێ و خۆی بە بەرپرسی هەرە سەرەکی دابنێ و سەیری ژنێک و سەیری دووان نەکات و سەیری تەواوی پێگەی ژن بکات لە کۆمەڵگادا، لە هەمووی گرنگتر دەبێ نەوەی نوێ جیاواز بن لە رۆژەوە کە لە دایک دەبن، چوونە خوێندنگاکان و هەموو بەرنامەی خوێندن و پەروەردە جیا بێ و بە تەوای زەمانەتی گۆران بە نەوەی نوێ بدرێ کە مرۆڤ بێ و نە بێ بە قوربانی.

Shamzini79@hotmail. com